# چۆنیەتی زانینی پلەی گەرمای کارتی شاشە

## و: رزگار سەعید




### پێشەکی :

لەم وانەیەدا چۆنیەتی پێوانەیی پلەی گەرمای کارتی شاشەدەردەخەین کەلەلای کاتژمێرەکەوە دەردەکەوێت.بۆئەم مەبەستەش دوو پرۆگرام هەیە کەئەوکارەمان بۆ ئەنجام بدات.

- NvTempLogger کە تایبەتە بە کارتی nVidia
- Riva Tuner کەتایبەتە بەکارتی ATI

## 1-پرۆگرامی NvTempLogger

سەرەتا بۆ زانیاری و ئەنجامدانی کارەکە پرۆگرامی NvTempLogger. مان پێویستە دەتوانیت لەم ئەدرەسە دایبگریت http://downloads.guru3d.com/download.php?det=1194

ئەم پرۆگرامە پێکهاتووە لەدوو فایل یەکەم فایلیان کاتێک دەکەیتەوە بەڕاستی ماوسەکە کرتە لەبەشی ئۆپشن دەکەیت وەک ئەم وێنەیە دکرێتەوە




لەوێنەکەدا هەموو پێکهاتەکانی بەرنامەکانی تێدایەو دەتوانیت گەرمای شاشەکەت بەدوو چۆری جیاواز بپێویت لەلای کاتژمێرەکەوە، شێوەی یەکەمیان پێکهاتووە لەشێوەی ژمارەیی ،شێوەی دووەمیش دەربارەی ئارمی nVidia لەگەڵ پلەی گەرما ،پێویستە سەرەتا ئەم پێوانانە پاشەکەوت بکەیت و ئینجا لە پرۆگرامەکە بچیتە دەرەوە.
پلەی گەرمای شاشەی کارتەکەت بەم جۆرە دەردەچێت لای کاتژمێرەکەوە.



بەدەبڵ کرتە کردن لەسەر پلەی گەرماکە ئەوژمارەی پێوانەیە دێتە سەر دیسکتۆپەکەتوەک ئەم وێنەیە.






بۆ کارکردنی پرۆگرامەکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کارکردنی ویندۆزدا دەکرێت لەستارتەوە بچیتە بەشی هەموو پرۆگرامەکان و لەوێ بینینیت وەک وێنەکە




تێبینی:

1-ئەم بەرنامەیەخۆڕاییەولەڕێی ئەم ماڵپەڕەوە پێشکەش کراوەhttp://www.guru3d.com/
2- ئەم پرۆگرامە یارمەتیدەر نیە بۆ شاشەی جۆری ATI.
3-ئەم پرۆگرامە یارمەتیدەر نیە بۆ کارتە کۆنەکانی جۆریnVidia

## 2- پرۆگرامی Riva Tuner

ئەم پرۆگرامە پێکهاتوە لەتوڵێکی بەهێز کەدەتوانێت زاڵ بێت بەسەر کارت شاشەکانی جۆری nVidiaوATI و لەلایەن ئەم دەزگایەوە پێشکەشکراوە http://www.guru3d.com/
بۆ ئەنجامدانی کارەکە بە پرۆگرامیRiva Tuner دەتوانیت لەم ئەدرەسەوە پرۆگرامەکە دابگریت
http://downloads.guru3d.com/download.php?det=163
دوای داگرتنی پرۆگرامەکە و کردنەوەی بەم جۆرەی خوارەوە دەردەکەوێت




کرتە لە customize بکە وەک لەوێنەکەدا دیارە.




**کرتە لە Hardware monitoring بکە گەر وەک ئەم وێنەیەی تر دەرنەچو ئەوە کارتی شاشەکەت پشتگیری ئەم پرۆگرامە ناکات یان بە پێچەوانەوە**




کرتە لەsetup بکە  بۆ ئەوەی ئەم وێنەیەی ترت دەست بکەوێت




پێویستە نیشانە بخەیتە بەردەم ووشەی core temperatur بۆ ئەوەی پلەی گەرماکەمان بۆ دەربچێت، گەر هاتوو ئەو ووشەیەت نەبینی دەتوانیت کرتە لەPlugins بکەیت ئینجا ووشەی core temperatur هەڵبژێرە.

کرتە لە setup بکە بۆ ئەوەی ئەم وێنەیەت بۆ دەربکەوێت




پێویستە نیشانە لەبەردەم show core temperatur دابنێیت و بنوارِیتە لای کاتژمێرەکەوە دەبینیت پلەی گەرماکە دەرکەوتووە.

